# نزار خەزرەجی: دێهاتەکان کاول بکەن، ئازوقەی جاشەکان سنووردارکەن‌و ئۆتۆمبێلەکانیان بپشکنن!

بەشی سێیەم (٢– ٣)

دەرسیم دیبەگەیی

هەمیشە گوتومە هەستی نیشتمانی کورد لاوازەو، کورد بەقەد نەتەوەکانی تری جیهان وابەستەی خاکو نەتەوەکەی خۆیان نین. ئاخر ئەگەر کورد هەستی نیشتمانی پێگەیشتوو بوایە، هەرگیز لەبەرامبەر (٢٠) هەزار پێشمەرگەیەک (٢٠٠ – ٣٠٠) هەزار جاشو خۆفرۆشی نەدەبوو، هەرگیز ئامادە نەدەبوون چەک بۆ داگیرکەرێک هەڵگرن کە بەهەزاران کارەساتی بەسەر ئەو نەتەوەیەدا هێنابێتو هەوڵی لەناوبردنو سڕینەوەی دابێت، هەرگیز قایل نەدەبوون ناوی وڵاتەکەیانو خاکەکەیان لەناو بۆتەقەی ئێراقدا بتوێننەوە، هەرگیز بەوە قایل نەدەبوون ئەوانەی رۆژێ لەرۆژان ناپاکیان لەخاکو نەتەوە کردبێ ببن بەدەسەڵاتدار، بەرپرسو سەرکردە لەحکومەتی هەرێم، هەرگیز بەوە قایل نەدەبوون بۆ جاری دووەمو لەراپرسییەکی وەکو ئەوەی ئۆکتۆبەری (٢٠٠٥)دا دەنگ بۆ دەستوورێک بدەن، کە لەراستیدا بەیاسایی کردنو درێژەدان بێت بەداگیرکردنی کوردستان لەلایەن ئیمپریالیزمی ئێراق. ئاخر ئەگەر کورد ئەوەندە وابەستەی خاکو نەتەوەکەی خۆی بوایە، چۆن قایل دەبوون بەکوردی ئێراق، ئێران، تورکیاو سوریا ناویان ببەن؟ یاخود چۆن قایل دەبوون کە شۆڕشی پارچەیەک لەسەر بەرژەوەندی پارچەیەکی تری کوردستان دەست تێکەڵاو بکات لەگەڵ داگیرکەری پارچەیەکی تری وڵات؟



بێگومان تاوانی وابەستە نەبوونی کورد بەخاکو نەتەوەکەی لە قایل بوونیان بە ئێراقی، ئێرانی، تورکیو سوریایی، هەروەها پەیوەندی بەستن لەسەر بەرژەوەندی پارچەیەکی تر لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان، لەئەستۆی سەرکردایەتی لاوازی کورد دایە!

ئەگەر سەرکردایەتی کورد سەرکردایەتییەکی بەهێزو پڕ تواناو لەئاست کێشەکاندا بوایە، ئەوکاتە نە قایل دەبوون ئەو هەموو ناپاک، خۆفرۆشو فایلدارانە لە پارتەکانیانو بەقسەی خۆیان لە حکومەتە ساواکەی هەرێمی کوردستان بەرپرسو دەسەڵاتدار بن، وە نە بەمشێوەیەش داکۆکییان لە دوژمنانی خاکو نەتەوەکەمان نموونەی نزار خەزرەجی، وەفیق سامەرائیو مەشعان جبوری نەدەکرد! ئەی ئەوە لاوازی هەستی نیشتمانیو نەتەوەیی سەرکردایەتی کورد نییە، کاتێک سەرکردەیەکی کوردی بڵێت: (ئێمە تورکیامان هەیەو هەرشتێک



تورکیا بێزار بکاتو ئازاری بدات ئێمەش بێزار دەکاتو ئازار دەدات)؟

سەرکردایەتیو پارتە کوردستانییەکانی وەکو (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) و (باسک) زۆر داکۆکییان لە جاشەکانو تۆمەتبارانی ئەنفالچی، کیمیابارانو جینۆسایدکردنی کورد کرد! یەکێک لەوانەی کە زۆر داکۆکی لێکرا لەلایەن پارتە کوردستانییەکانی ناوبراو لەسەرەوەدا، تۆمەتبار نزار خەزرەجی، سەرۆکی پێشووی ئەرکانی سوپای ئێراق بوو، کەچی بەگوێرەی چەندین بەڵگەنامە کە لە نووسینگەکەی خۆی دەرچووە لەلایەک دەیسەلمێنێت کە داڕێژەری نەخشەو پلانەکانی ئەنفالو کیمیابارانکردنی کوردستان بووە، لەلایەکی تریشەوە سەرپەرشتیکەرو جێبەجێکەری ئەنفالو جینۆسایدکردنی گەلی کورد بووە.

بەپێی نووسراوی ژمارە (١١٨٢)ی نووسینگەی سەرۆکی ئەرکانی سوپا کە لە بەرواری (٢٨,٨,١٩٨٨)دا کە واژۆی خەزرەجی لەسەرەو، لەژێرناوی (رێنماییەکان)دا بۆ سەرکردایەتی هەردوو فەیلەقی یەکو پێنجی ناردووە، لەخاڵی یەکەمدا نووسیویتی: (تەواوی گوندەکانو خانووەکانی هەر گوندێک تێکبدەن، چونکە تێبینیمان کردووە کە خانوویەک یان زیاتر لەخانوویەک لەگوندە کاولکراوەکاندا بەجێهێڵراون، هەروەها هێزی ئاسمانی سوپا رادەسپێردرێت بۆ چاودێریکردنی ئەوکارە). سەرەڕای ئەوەش خەزرەجی لەخاڵەکانی سێ‌و چواردا گومانی خۆی لەجاشە خۆفرۆشەکانی کورد بەرژێمی سەددام ناشارێتەوەو دەڵێت: (ئەو ئازوقەیەی دەدرێت بەفەوجی جاشان سنووردارى بکەن‌و ئۆتۆمبێلەکانیان بپشکنن لەهەموو خاڵەکانی پشکنیندا). ناوبراو لەو بەڵگەنامەیەدا لەلایەک فەرمانی کاولکردنی دێهاتەکانی کوردستانی دەرکردووە، لەلایەکی تریش بەهۆی هێزی ئاسمانی سوپاوە چاودێری ئەو دێهاتانە دەکات کە سوپاکەی ئەو کاولی کردوون، نەوەک خانوویەک یان چەند خانوویەک تێکنەدرابێتو پێشمەرگە یان دانیشتوان گوزەرانی تێدا بکەن. سەرەڕای هەموو ئەوانەش هەتا باوەڕی بەجاشەکانی خۆی نییەو داوا دەکات لەهەموو خاڵێکی پشکنیندا بیانپشکنن نەوەک کەسێکی دێهاتنشین یاخود پێشمەرگەیان شاردبێتەوە، هەروەها سنووردارکردنی ئازوقەی جاشەکانیش لەبەرئەوەیە نەوەکو برێک لەو ئازوقەیە بدەن بە پێشمەرگە یاخود دانیشتوانی دێهاتەکان!

لەنووسراوێکی تری سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا بەواژۆی خەزرەجی، کە بەژمارە (رأج/ ٣٤٩) لەبەرواری (٢٧,٤,١٩٨٨)دا دیسان لەژێرناوی (رێنماییەکان)دا ئاراستەی فەرماندەی فەیلەقی یەک (لیوا روکن سوڵتان هاشم)و فەرماندەی فەیلەقی پێنج (لیوا روکن ئەیاد خەلیل زەکی) کراوە، لەخاڵی (جیم)ی بەشی دووەمدا نووسیویتی: (پێویستە لەسەر فەیلەقی پێنجەم بەئاراستەی تێکدەران (هێزی پێشمەرگەی کوردستان) لەکەرتی قەڵادزێ کاربکەن‌و، پێناسەی جاشەکان بپشکنن‌و بەجوانی سەروبنی کەن، هەروەها جاشەکان لە ئامانجە گرنگەکان دووربخەنەوە). ئەو شۆڤینییە ئەنفالچییە لەخاڵی (واو)دا نووسیویتی: (تەقەمەنی تایبەت (چەکی کیمیاوی) لەدژی گردبوونەوەکانی دوژمن (پێشمەرگەو دێهاتنشینەکان) بەکاربهێنن، هەرکاتێک هەلی ئەوەتان بۆ رێککەوت جا ئەگەر لەرێگای هێزی ئاسمانی، تۆپی دوورهاوێژ یان فڕۆکەی سەمتیات بێت بەر لەدەستپێکردنی هێرشی ئەوان لەدژی هێزەکانمان، لێدانەکانتان (لێدانی لەناوبەر) بن، هەروەها دەکرێت بە تەقەمەنی تایبەت (چەکی کیمیاوی) لەبارەگاکانی تێکدەران (هێزی پێشمەرگە) بدرێت). خەزرەجی ئەنفالچیو شۆڤینی لەو نووسراوەدا نامتمانەییو ناباوەڕی خۆی بە جاشەکان دووپات دەکاتەوەو، داوا دەکات پێناسەکانیان باش بپشکنن نەوەک پێشمەرگەیەک یان هاووڵاتییەک دەربازکەن! خەزرەجی بەگوێرەی ئەو نووسراوەی خۆی باوەڕی بە جاشەکان نییە، کەچی لەچاوپێکەوتنێکی خۆیدا لەگەڵ کچە رۆژنامەنووسی روسی (یلینا سوپۆنینا) کە لەدانیمارک لەگەڵیدا ئەنجامی داوەو، دواتر لەرۆژی (٤,١٠,٢٠٠٢)دا لەرۆژنامەی (فریمیا نوڤەستی)دا بڵاوکراوەتەوەو، پاشان (دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی) وەریگێڕاوە بۆ کوردیو لە (١,٣,٢٠٠٣)دا لە (کوردستانێت)دا بڵاوکراوەتەوە، خەزرەجی دەڵێت: (ئۆپراسیۆنی ئەنفال لەساڵی ١٩٨٨دا دەستیپێکردو شەش مانگی خایاند، گشت ئۆپراسیۆنەکە بەسەرۆکایەتی (عەلی حەسەن مەجید) بوو، هەروەها لە ستادی سوپای ئێراق هێزی تایبەتمان هەبوو (جاش) کە لەکوردەکانی لایەنگری دەوڵەت پێکهاتبوو، ژمارەیان (٢٥٠) بەتالیۆن واتە نزیکەی (٣٠٠) هەزار کەس دەبوو. ئەمانەش راستەوخۆ خرانە ژێر رکێفی (عەلی حەسەن مەجید)، ئەمانەش (چاشەکان) دەزگای پاراستنی خۆیان هەبوو.

بێگومان (مەجید)یش لەژێردەستی (سەددام)دا بوو. ئەمانە (سەددام، عەلی حەسەن‌و جاشەکان) کوردەکانیان لەناوبرد). خەزرەجی سەرەڕای ئەوەی تاوانبارێکی مەزنە، درۆزنێکی گەورەشە. بەلای منەوە واتە (بەعسی) واتە داشۆڕاو لەهەموو بەهایەکی مرۆڤایەتیو بەدڕەوشت، جا بۆیە تاوانو درۆکردن بۆ ئەوان هەروەکو ئاو خواردنەوە وایە! هەروەها بەپێی هەمان بەڵگەنامە (رأج/٣٤٩) ئەو رەگەزپەرستە سەددامییە بۆ جارێکی تریش رقو کینەی شۆڤینیانەی خۆی لەرێگای ژەهربارانکردنی کوردو کوردستانەوە بەسەر نەتەوەی کوردماندا دەبارێنێ! ئا ئەمەبوو ئەو کەسەی کە لەهەمانکاتدا سەر بە (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) و (باسک) بوو، هەروەها ئەنفالچیش بوو!!!!!!!!!!

Darsim2006@hotmail.com



نزار خەزرەجی

# تاکەی شوناسنامەی عەرەبی باخەڵمان گەرم بکاتەوە ؟

ئەسعەد لوڕی زادە

کاتێک پەساپۆرتی نوێی عێراقی دەرچوو، ئێمەی کورد بەهەموو چین و توێژەکانمانەوە کردمان بەهەراو هەڵایەک کە ئەو سەری دیارنەبوو، ئێمە بە ستەممان دەزانی کەپەساپۆرتەکەمان بەزمانی عەرەبییەو زمانی کوردی تێدا فەرامۆشکراوە! لەکاتێکدا لەدەستوری هەمیشەیی عێراقدا ئاماژە بەوە کراوە کە لەپەساپۆرت و رەگەزنامە و تەنانەت دراویش بەزمانی کوردی لەسەریان دەنووسرێ. هەر چۆنێک بێت ئەم گوشارەی کورد کاری خۆی کرد و بریار بەدەست و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەناچاریەوە بریاریان دا ئەم داوایەی کورد جێبەجێ بکرێ. لێرەدا دەمەوێت خاڵێکی دیکە بوروژێنم کە لەپەساپۆرت گرنگترە بەڵام کار بۆ کردنی زۆر ئاسانترە. بۆچی لێپرسراوانی کورد بیر لەوە ناکەنەوە کە ناسنامەو رەگەزنامەکانی دیکەی ناوچەی هەرێم بە زمانی کوردی بن؟ خۆ لە لەدەستوری هەمیشەیی عێراق و لەبەشی یەکەم، لەماددەی چواردا دانی پێدانراوە؟! تەنانەت لەدەستوورێکی رژێمی بەعسیشدا ئاماژەی بۆ کرابوو، زۆرم پێ سەیرە رەخنە لەناحەزان دەگرین کە بۆچی پەساپۆرت بەزمانی کوردی نانووسن! لەکاتێکدا ئەرکەکەی زۆر لەناسنامەو رەگەزنامە گرانترەو چەندەها سنوور و فرۆکەخانە دەبڕێ! لەملاشەوە خۆمان کاربەدەست و پەیوەندیداربین، وەلێ نەتوانین لەم سنووە بچووکەو تەسکەی خۆماندا ناسنامە بە زمانی خۆمان دەربچوێنین؟ خۆ کەس ریمان لێ ناگرێت؟! توخوا براینە ئەمە دووفاقی نیە؟!

ریزداران مام جەلال و کاک مەسعود لەبارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان و لە کۆشکی سپی لەبەردەم گەورە پیاوانی جیهاندا توانیان بەزمانی کوردی وتاری خۆیان پێشکەش بکەن و گوێشیان لێگیرا، بەڵام لە هەولێرو سلێمانی رەگەزنامەو ناسنامەی باری کەسێتی بەزمانی کوردی سەخت و لەدەست هاتوو نەبێ ؟!

١٦ ساڵە کورد خۆی فەرمانڕەوایی سێ پارێزگای خۆی دەکات و دەشخوازێ کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەش بۆ ژێر دەستەڵاتی هەرێمی کوردستان بگەڕێنەوە ، لێرە تا رادەیەکی باش رۆژنامەوانی ئازادە و دەتوانرێ گلەیی و رەخنەکان پێشان بدرێ ، بۆیە داوا لە رۆژنامەنووس و دەزگاکانی راگەیاندن دەکەم بەقەد هەڵڵای پەساپۆرتەکە گوشار بخەنە سەر لایەنە پەیوەندیدارەکان و داوایان لێبکەن کە ناسنامەی باری کەسێتی و رەگەزنامەی وڵاتی بوونمان بە کوردی بۆ چاپ بکەن تاکو چیدی ناسنامەی عێراقی عەرەبی باخەڵمان گەرم نەکاتەوە !

# ئەنفال، دەرس و پەندێک بۆ نەوەکانی داهاتوو!

هۆشیار عبدالرحمان

کاتێ کورسی دەسەڵات لەلایەن بەعسیەکانەوە لەکودەتا سەربازی ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ تا ڕوخاندن و لێک هەڵوەشانەوەیان لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣ پاوانکرابوو ، ستراتیژو تێڕوانینی حزبی بەعس بۆ داگیرکردنی کوردستان و هەڵوشینی سامانی نەوتی کەرکوک و بەعەرەب کردنی، یەکێک لەسیاسەتە نەگۆڕەکەیان بووە ، ئەم سیاسەتە بەهەنگاوەکانی سێکوچکەی (تەبعیس، تەعریب، تەهجیر) دەستی پێکرد، سەرەتا لەهەنگاوی یەکەمدا کەبڕیاری گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن و نووسین درا، لەشاری کەرکوک و دەوروبەریدا جێ بەجێ کرا کەلە ٦٠% خوێندن بوو بەعەرەبی و لەساڵی دوایدا هەموو مەنهەجی خوێندن بەزمانی کوردی قەدەغەکرا. ئەمە یەکەمین گورزی بەعسیەکان بوو دژ بە زمانی کوردی و خوێندن و نووسین و کەلتوری کوردی و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی هزری نەتەوەیی و بێ ئاگا بوونی نەوەکانی داهاتوو لەمێژوو شارستانی و جوگرافیای کوردستان، لەدوای ١٥ ساڵ پیادەکردنی ئەم سیاسەتە لەلێدوانێکی یەکێک لەبەرپرسەکانی حزبی بەعسدا لەساڵی ١٩٨٥

گوتبووی سەرەڕای بەخەرج دانی ئەم هەموو پارەو توانایەمان بۆ هێنانی چەندین هەزار خێزانی عەرەب لەباشور و ناوەڕاستی عێراقەوە بۆ شاری کەرکوک و دەوروبەری هێشتا رێژەی کورد لەکەرکوک هەر زیاترە، بۆیە بەعسیەکان لەساڵی ١٩٨٧ و لە مانگی نیساندا بیریان لە روخاندنی سەدان گوندی دەوروبەری شاری کەرکوک کردەوە ، بەپاساوی دروست کردنی پشتێنەی ئەمنی کەنزیکەی ٣٠کم ی دەکرد. بۆ پاراستنی چاڵە نەوتەکانی کەکوک کە بربڕەو شادەماری بەردەوام بوونی مادی بۆ سوپاو شەری عێراق_ئێران بوو، ئەم کارەساتەی بەعسیەکان بەسەر خەڵکی سڤیل و مەدەنیان هێنا بەرووخاندنی گوندەکانی دەوروبەری کەرکوک نارەزایەتی لەلایەن هیچ کەس و تەنانەت کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیشەوە لێنەکەوتەوە ، ئەمەش بەپاساوی دەست تێوەرنەدان لەکاروباری ناوەخۆی وڵاتانەوە تێپەڕکرا. بەعس ئەم بێ دەنگیەی قۆستەوەو بۆ لەناوبردنی گەلی کورد بیریان لەپرۆسەیەکی گەورەتر کردەوە، بۆیە پرۆسەی ئەنفال لەساڵی ١٩٨٨ بەکردەیی لەسەر ئەرزی واقعی کوردستان جێ بەجێ کرا، وشەی

ئەنفال بەمانای (دەسکەوت) دێت، ئەو دەسکەوتەی کەلەشەری نێوان موسڵمانان و خێڵ و عەشیرەتە نا موسڵمانەکان ڕوویدەدا ئەو دەسکەوتانە کەلە شەڕەکە دەستی بەسەردا دەگیرا لەنێوان موسڵمانەکان دابەش دەکرا، بۆیە جارێکی ترا حزبی بەعس ئەم بیرۆکەیەی بەسەر گەلیکدا چەسپاند کە ٩٥% گەلی کورد موسڵمان بوون .

لە دوایین مانگەکانی شەری عێراق_ئێران، بەعس سوپاکەی خۆی کە چەکی نوێی پێشکەوتووی وڵاتانی ئەوروپا تەیار کرابوو بە چاوساغی هەندێک لە فەوجە بەکرێگیراوەکانی کورد ، لە ١٩٨٨/٢/٢١ شاڵاوەکانی ئەنفال دەستی پێکردو بەهەشت قۆناغ و لە ١٩٨٨/٩/٥ کۆتایی هات، لەم شاڵاوەدا (٤٥٠٠) گوندو شارۆچکەی کوردستان رووخێندران، کوردستان سووتماک کرا، رەزو باخ سووتێنران و کانیاوەکان وشک کران. بەعسیەکان بەخەیاڵی خۆیان بۆ هەتاهەتایی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردو هەستی نەتەوایەتی کوردیان تێک و پێک شکاندووەو ئەو کێشە گەورەیەیان لەکوڵ خۆیان کردوەتەوە !! بەڵام نەیانزانی تاوانێکی مێژوویی گەورەیان لەژیانی بەعس و نەتەوەی عەرەبیش دا تۆمارکردووە ، ئێستا ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە

گەورەیە لەناو قەفەسی تاوانباریدان و چاوەڕێی بڕیارەکانی دادگە دەکەن ، هەرچەندە ئێستا تاوانباری سەرەکی (عەلی حەسەن مەجید) دان بەتاوانەکەیدا دەنێ و داوای لێ بووردنیش لە کورد دەکات بەرانبەر ئەو تاوانە گەورەیە کە١٨٢ هەزار مرۆڤی بێ تاوان و سڤیل بوونە قوربانی.

بەعسیەکان لەراپۆرتەکانیاندا نایشارنەوە کەلێژنەیەکیٔ پسپۆری ئاسایشی عێراق داوای لەحزبی بەعس کردووە کە ئەو گەنج و لاوە کوردانەی لەشەری عێراق_ئێران لەخزمەتی سەربازی هەڵهاتوون و نەکوژراون، لەئایندەدا ژن دێنن ، بەمەش رێژەی کورد لە عێراق لەبەرانبەر عەرەب زۆرتر دەبێت . بەعسیەکان پێیانوابوو گەنجی عەرەب بە رێژەیەکی زۆر لە شەڕی عێراق - ئێراندا کوژراوان و رێژەی نێرینەی عەرەب کەمتر بۆتەوە ، کەواتە کوشت و بڕی گەنجانی کورد لە شاڵاوەی ئەنفالدا سەرپێی نەبووە. کە ئێستا عەلی حەسەن مەجید بەداوایەکی لێبوردن لە گەلی کورد دەیەوێت لەسزای لەسێدارەدان رزگاری بێت. هەروەها لەو شاڵاوە زۆر بەچڕی و پڕی گرنگی بەناوچەی گەرمیان دراوە ژمارەیەکی کەم لەگەنجەکان رزگاریان بووە، ئەمەش

دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی گرنگی کەرکوک. بۆیە زۆر پێویستە لە ساڵرۆژی یادکردنەوەی کارەساتی ئەنفالدا شارەزایانی گەلەکەمان لێکدانەوەی ورد بکەن تا بزانرێ چەند پێودانگ و دیکۆمێنتە یاسا نێودەوڵەتیەکان و یاسای جینۆساید بەسەر ئەو کۆمەڵکوژیەدا دەچەسپێت. راستیەکەی شاڵاوی ئەنفالکردن و قڕکردنی گەلی کوردستان هیچی لەجینۆسایدی جولەکەکان کەمتر نیە کە لەشەری دووەمی جیهانیدا ئەنجامدراو دواتریش بە (هۆلۆکۆست) ناسرا ، کەچی ئێمەی کورد لەپاش ١٥ ساڵ حوکمڕانی نەمانتوانیوە خزمەتێکی بەرچاو بە کەس و کاری قوربانیەکانی ئەنفالیش بکەین !! بەڵکو نەمانتوانیوە وەکو سیمبولێکیش پێشانی دنیای دەرەوەی بدەین، تەنانەت مۆنۆمێنتێکیشیان بۆ نەکرداوە ، کە دەبوایە لە چەمچەماڵ ئەو مۆنۆمێنتە دروست کرابایە ، بەوهۆیەشەوە ئێستا حکومەتی هەرێم بەر گلەیی و گازاندەو رەخنەی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان کەوتووە، چونکە ئەگەر حکومەتی هەرێم دەستی هاوکاریان بۆ درێژ نەکات، لەوانەیە لە داهاتوودا نارەزایەتیەکی جەماوەری فراوان لێبکەوێتەوە .